
چیرۆکی وەرگەڕاو

ئیرنست هەمەنگوای



# پشیلەی ژێر بارانەکە

لە ئینگلیزییەوە: عەزیز رەئووف

تەنیا دوو ئەمەریکایی لە ئوتێلەکەدا جێگیر بووبوون. ئەوان هیچ ئاگایان لەوانە نەبوو کە بەبەردەمیاندا تێ دەپەڕین و سەردەکەوتن بۆ ژوورەکانی خۆیان. ژووری ئەمەریکاییەکان کەوتبووە نهۆمی دووەمەوە و دەیڕوانی بەسەر دەریادا. هەروەها ژوورەکەیان دەیڕوانی بەسەر مۆنۆمێنتی شەڕ و باخی گشتییەوە. باخەکە پڕ بوو لە دارخورمای گەورە و کورسیی سەوزی دانیشتن.

لە وەرزی دڵگیردا هونەرمەندان بە سێپای وێنەکێشانەکانیانەوە روویان لەم باخە دەکرد.

وێنەکێشـان ئارەزووی کێشـانـی وێنەی دارخـورما گـەورەکـان و ئەو ئوتێلـە بریسکەدارەیان دەکرد کـە بەسـەر باخـەکـە و دەریادا دەیڕوانی. ئیتـاڵییـەکان لـە ڕێگەی دوورەوە دەهاتن بۆ بینینی مۆنۆمێنتی شەڕ کە لە ناو باخەکەدا بوو. مۆنۆمێنتەکە لە برۆنز دروست کرابوو، وە لەبـەر بارانەکـە دەدرەوشـــایەوە. لەو کـاتـەدا باران بوو. دڵۆپەی بارانـەکـە بە لێــزمــە بەر دارخورماکان دەکەوت. ئاو لەسـەر ڕێگە چەوڕێژکراوەکە گۆمی بەستبوو. ئۆتۆمۆبێلەکان بە بەر گۆڕەپانی مـۆنۆمـێنتـەکەدا دەرۆیشتن. لـە گۆڕەپانەکەدا قـاوەخـانە هـەبوو کـە چاوەڕێی گەشتیاران بوو کە لەو کاتەدا لە چۆڵەوانی دەچوو.

ژنە ئەمـەریکاییـەکە هەسـتـایە سـەرپێ و لە پەنجـەرەکەوە ڕوانیـیـە دەرەوە. لە دەرەوەی ژوورەکە و بەلای ڕاستـی پەنجەرەکەدا پشیلەیەک لە ژێر مـێزە سەوزەکاندا کە ئاویان لێ دەچۆڕا هەڵکوڕمابوو. پشیلەکە دەیویست خۆی بچووک بکاتەوە بۆ ئەوەی دڵۆپە بارانی بەر نەکەوێت.

ژنە ئەمەریکاییەکە گوتی: "من دەچمە خوارەوە و ئەو پشیلەیە دەهێنم".

مـێردەکەی کە لەسـەر سیسەمـەکە پاڵکەوتبوو گوتی: "من دەچم". پشیلە بەستـەزمانەکە هەوڵی دەدا لە ژێر مێزەکەدا خۆی لە تەڕبوون قوتار بکات.

مێردەکە لەسـەر جێی نوسـتنەکە خۆی دابـوو بەسـەر دوو سـەریندا و بـەردەوام بوو لەسـەر خوێندنەوە.

ئەو بە ژنەکەی گوت: "تەڕ نەبی".

ژنەکە بە پێپلیکانەکاندا هاتە خوارەوە و خاوەن ئوتێلەکە لە پشت مێزەکەیەوە وەستابوو کاتێک ژنەکە تێپەڕی ئەو بۆی چەمایەوە وەک ڕێزگرتنێک. مێزی خاوەن ئوتێلەکە کەوتبووە کـۆتایی ئەوسـەری ئۆفـیـسـەکـەوە. خـاوەن ئوتێلـەکە پیـاوێکی بـە تەمـەن بـوو، وەلێ تەواو باڵابەرز بوو.

ژنەکە گوتی: " باران دەبارێ". ئەو تەواو ئارەزووی ئەوەی دەکرد لەگەڵ خاوەن ئوتێلەکەدا بدوێ.

خاوەن ئوتێلەکە گوتی: " ما ما مادام، کەشوهەوا تەواو باراناوییە".

خـاوەن ئـوتێلەکە لـە پشت مێـزەکەوە کـە کـەوتبووە ئـەوسـەری کـۆتـایی ژوورە نەختـێک تاریکەکەوە وەسـتـابوو، ژنەکـە زۆری حـەز لێ دەکرد. تـەنانـەت ژنەکـە حـەزی لە پێشـوازییـە

بۆڵەبۆڵاوییەکەی و شکۆ و پایەکەی و رەفتاری خزمەتکردنەکەی دەکرد. ئەو حەزی دەکرد ببێتە ئوتێل پاکەرەوەیەک لە لای خاوەن ئوتێلەکە. ژنە ئەمەریکاییەکە حەزی لە پیرێتی خاوەن ئوتێلەکە و ڕووە قەبەکەی و دەستە گەورەکانی دەکرد.

ژنەکە دەرگەکەی کردەوە و تەماشای دەرەوەی کرد. بارانەکە بە لێزمەتر دەباری. پیاوێک پاڵتۆیەکی بێ قۆڵی بەسەر شاندا دابوو لە گۆڕەپانە چۆڵەکەوە دەیویست بپەڕێتەوە بۆ قاوەخانەکە. پشیلەکە رەنگە چووبێتە لای راستی ئوتێلەکە. ژنەکە دەبوو بە تەنیا لە ژێر چۆڕاوگەکەوە بڕوات. کاتێک کە ئەو لە بەردەم دەرگەکە وەستابوو، چەترێک بۆ ژنەکە ئاوالا کرا. ئەو کەسەی چەترەکەی کردەوە خزمەتکارێکی کچ بوو کە چاودێری ژوورەکەی دوو ئەمەریکاییەکەی دەکرد.

خزمەتکارەکە بە بزەیەکەوە کە بە ئیتاڵی دەدوا گوتی: " تۆ پێویستە تەڕ نەبیت". بێگومان خاوەن ئوتێلەکە ئەو خزمەتکارەی ناردبوو. کاتێک کە خزمەتکارەکە چەترەکەی بە سەر سەریەوە هەڵگرتبوو، ژنەکە بەسەر ڕێگە چەوڕێژکراوەکەدا دەڕۆیشت تا گەیشتە ژێر پەنجەرەی ژوورەکەیان. مێزەکە لەوێ بوو، لەبەر بارانەکە رەنگە سەوزەکەی بریقەی دەهاتەوە. بەڵام پشیلەکە ڕۆیشتبوو. ژنەکە تەواو بێ ئومێد بوو. خزمەتکارەکە تەماشای ژنەکەی دەکرد.

"مادام، ئایا ئێوە شتێکتان لێ ونبووە؟"

"پشیلەیەک لێرە بوو".

"پشیلە؟"

"بەڵێ"

خزمەتکارەکە بە پێکەنینەوە: "پشیلە، پشیلەیەک لە ژێر بارانەکەدا؟"

ژنەکە گوتی: "بەڵێ، لە ژێر مێزەکەدا، ئۆە من زۆرم حەز لێ بوو، من پشیلەکەم دەویست".

کاتێک ژنەکە بە ئینگلیزی قسەی دەکرد، خزمەتکارە ئیتاڵییەکە رووی گرژ دەکرد بۆ ئەوەی تێ بگات.

"وەرە خانمەکەم، ئێمە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ ناو ئوتێلەکە، لە دەرەوە تەڕ دەبی".

"منیش ئەوە دەزانم".

بەسـەر ڕێگە چەوڕێژکراوەکـەدا گەڕانەوە تا گەیشـتنە بەر دەرگەکـە. خزمـەتکارەکە لە دەرەوە مـایەوە بۆ ئەوەی چەترەکـە کـۆ بکاتەوە. کـاتێک ژنە ئەمـەریکاییـیـەکـە گـەیشـتـە ئۆفیـسـەکە، خـاوەن ئوتێلەکە بەسـەر مـێزەکەی بەردەمـیـدا چەمـابووەوە. هەسـتـێکی زۆر بچووک و توند بە ڕووی ژنەکەوە بەدی دەکرا. خاوەن ئوتێلەکەش ئەو هەستـەی بەرامبەر بە ژنەکـە دروست کردبوو، بەڵام ئـەو هەسـتـە زۆر گـرینگ بوو. ژنـەکە هەسـتـێکی کـاتی بەڵام تەواو گرنگی بەرامبەر بە خاوەن ئوتێلەکە لەلا دروست بووبوو. ژنەکە بەسەر پاپلیکانەکاندا سـەرکـەوتە سـەرەوە بۆ ژوورەکە. دەرگـەی ژوورەکـەی کردەوە جـۆرج لەسـەر سیسـەمـەکە خەریکی خوێندنەوە بوو.

جۆرج کتێبەکەی دانا و گوتی: "پشیلەکەت دەستکەوت؟"

"ڕۆیشتبوو"

جۆرج ویستی پشوویەک بە چاوە ماندووەکانی بدات" سەیرە دەبێ بۆ کوێ ڕۆیشتبێت؟".

ژنەکە لەسەر سیسەمەکە دانیشت.

ژنەکە گوتی: "مـن زۆرم حـەز لە پشـیلەکە بـوو، من نازانم بۆ ئەوەندە حـەزم لەو پشـیلەیە بوو. من ئەو پشیلە بەستەزمانەم دەویست. گاڵتـە نییە پشیلەیەکی بەستەزمانی ژێر باران بیت".

جۆرج دەستی کردەوە بە خوێندنەوە.

ژنەکە لە بەردەم مێزە داپۆشراوەکەوە دانیشت و ئاوێنەکەی هەڵگرت و تەمـاشای خـۆی کـرد و دەسـتـی بە قـژیدا هێنـا. لە ڕووی وردبووەوە، ڕووی بەرەو لای ئـاوێنەکـە ئەمـدیو و ئەودیو کرد. دواتر لە گەردن و پشتەوەی سەری ورد بووەوە.

ژنەکە جارێکی تـر لە ڕووی خۆی وردبووەوە و پرسـیـاری کرد: " تۆ پێت چۆنە ئەگەر قژم درێژتر بێتەوە؟".

جۆرج تەماشای پشتەملی کرد وەکو کوڕان کورت کرابووەوە.

"جوانە، ئەو شێوە چاککردنەم بە دڵە".

ژنەکە گوتی: " من حەزم لێی نییە. حەز ناکەم لە کوڕ بچم".

جۆرج لەسـەر سیسـەمەکەی بەرز بووەوە. تەمـاشای ژنەکەی نەکرد تاکو قسـەکانی تەواو بوو.

"خواگرتوو، تۆ زۆر جوانی".

ژنەکە ئاوێنەکەی لەسەر مێزی ئارایشتکردنەکە دانا و بەرەو پەنجەرەکە رۆیشت و تەماشای دەرەوەی کرد. دنیا تاریک داهاتبوو.

"دەمەوێ قژم بە توندوتۆڵ و بە تۆپەڵێکی گەورە لە پشتەوە ببەستم. حەز دەکەم پشیلەیەکم هەبێت کە لە باوەشمدا دادەنیشێت مرخەمرخ بکات، کاتێک دەستی پێدا دەهێنم".

جۆرج لەسەر سیسەمەکەیەوە گوتی: "بەڵێ؟"

"وە من حەز دەکەم لەسەر مێزێکی زیوین نان بخۆم کە مۆمی لەسەر بێت. حەز دەکەم بەهار بێت و حەز دەکەم لەبەر ئاوێنە قژم شانە بکەم و پشیلەیەکم هەبێت و هەروەها هەندێ جلی تازەش".

جۆرج گوتی: " بێدەنگ بە و کتێبێک بخوێنەرەوە". ئەو بەردەوام بوو لەسەر خوێندنەوە.

ژنەکە لە پەنجەرەکەوە دەیڕوانییە دەرەوە. دنیا تەواو تاریک بووە دڵۆپی باران بەسەر گەڵای دارخورماکانەوە دەهاتە خوارەوە.

" هەرچۆنێک بێت، من پشیلەم دەوێت، هەر ئیستا پشیلەم دەوێت. ئەگەر من نەمتوانی کەمێک دڵخۆش بم یان قژێکی درێژم هەبێت، خۆ دەتوانم پشیلەیەکم هەبێت".

جۆرج چی تر گوێی لێ نەگرت. ئەو بەردەوام بوو لەسەر خوێندنەوەی کتێبەکەی. ژنەکە لە پەنجەرەکەوە لە دەرەوەی دەڕوانی و لە گۆڕەپانەکەوە رووناکییەک دەرکەوت.

یەکێک لە دەرگەکەی دا.

جۆرج چاوی لەسەر کتێبەکە هەڵگرت و گوتی"وەرە ژوورەوە". لە بەر دەرگەی ژوورەکە کچە خزمەتکارەکە وەستابوو. پشیلەیەکی دەستکردی رەنگاوڕەنگی بە باوەشەوە بوو کە رووکارێکی رەقی هەبوو.

کچە خزمەتکارەکە گوتی: "بە یارمەتیت خانم، خاوەن ئوتێلەکە داوای لێ کردم کە ئەم پشیلەیەت بۆ بهێنم".

سەرچاوە: More Modern Short Stories. Oxford University Press 1981.